بسم الله الرحمن الرحيم

پەرستاری لە کتێبێکدا







ئامادەکراوە لە لایەن :-

پەرستار : Mohamad Natheer Surchy

پەرستاری لە کتێبێکدا

• کورتەیەک لەسەر کتێبەکە :-

- ئەم کتێبە پێکهاتووە لە سەرجەم ئەو ئیش و کارانەی پەرستار ئەنجامی ئەدا
+ چۆنیەتی ئیش کردنی پەرستار
+ هەندێک ئامێری ناو خەستەخانە و بەکارهێنانیان
+ هەندێک دەرمانی زۆر باو
+ پەرستاری لە کوردستان چۆنە و چۆن ئەخوێنرێ

تێبینی / ئەم کتێبە بە زمانێکی زۆر سادە و هاوڕێیانە باسی شتەکان ئەکا.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پێک دێ لە :-

پەرستاری چییە :-

- بێگومان دنیای زانست دنیایەکی زۆر فراوانە و یەکێک لە بەشەکانی پەرستارییە ، پەرستاری لە هەموو وڵاتان بە عێراقیشەوە گرنگیەکی زۆری پێ ئەدرێ چونکە لە هەموو بەشەکانی تر زیاتر پێویستییان پێی هەیە ، لە کوردستان کۆلێژ و پەیمانگای پەرستاری هەن کە کۆلێژەکەی دەرەجەیەکی بەرزی ئەوێ بۆ گەیشتن پێی ، پەیمانگای پەرستاری لە زۆربەی پارێزگا و قەزاکان هەن ، پەرستاران ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەیە لە خەستەخانەکان (زیاتر لە هەموو بەشێکی تری پزیشکی) ، بۆیە بە پێویستم زانی کتێبێک دروست بکەم لەسەر پەرستار و کارە گرنگەکانی.

وەک ئەڵێن گەر پەرستار نەبێ سێکتەری تەندروستی گەر پەکی نەکەوێ شەلەل دەبێ !

پەرستار کێیە :-

کەسێکە کەوا پڕۆگرامی بنچینەییەکانی پەرستاری خوێندبێت و لێی تێگەیشتبێت و ڕێگەی پێدراوبێت بۆکارکردن وڵاتدا.

پەرستار لە نەخۆشخانە چاودێری نەخۆش ئەکا بە پێی حاڵەتەکە ، ئەو دەرمانانەی دکتۆر بۆ نەخۆشی ئەنووسێ پەرستار بە نەخۆشی ئەدا.



ئیشەکانی پەرستار چین :-

١- زەخت گرتن ،گرتنی لێدانی دڵ ، هەناسەدان ، پلەی گەرمی جەستە

٢- چاودێری کردنی نەخۆش (ماڵ ، نەخۆشخانە)

٣- کانولا دانان

٤- دەرزی دانان

٥- دوورینەوە

٦- دانانی موغەزی بۆ نەخۆش

٧- پاک کردنەوەی برین

٨- دانانی سۆندەی (گەدە ، بۆری هەوا ، سینگ ، میز)

٩- گرتنی ECG بۆ نەخۆش

١٠- وە لەسەر پەرستار ئەرکە هەموو جۆرە فریاگوزاری سەرەتایی بزانێ

کردارەکانی پەرستاری :-

کرداری پەرستاری پێک دێ لە :-

- Assessment

- Diagnosis

- Planning

- Implementation

- Evaluation

هەڵسەنگاندن : Assessment

دەست نیشان کردن : Diagnosis

پلان دانان : Planning

جێبەجێ کردنی پلانەکە : Implementation

هەڵسەنگاندنەوە : Evaluation

کردارەکانی پەرستاری :-

Stmptom

ئەو زانیاریانەی لە قسەی نەخۆشەکە ئەزانین.

Sign

ئەو زانیاریانەی کە پەرستار هەستی پێ ئەکا لە ڕێی هەستەکانەوە.




نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

Vital Signs

بریتییە لە پێوانەکردنی فرمانە بنچینەییەکانی لەش.

Monitor

ئامێرێکی پزیشکیە لە هۆڵەکانی فریاکەوتن و نەشتەرگەری بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی نیشانە زیندەیەکان.



Vital Signs

ئەبێتە چوار لایەنی سەرەکی (لەم دواییانەدا بوونەتە پێنج)

١- Heart rate / لێدانی دڵ

٢- Respiratory Rate / هەناسەدان

٣- Blood pressure / پەستانی خوێن (زەخت)

٤- Body Temperature / پلەی گەرمی

٥- SPO2 / ڕێژەی ئۆکسجین

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

لێدانی دڵ / Heart rate (Pulse)

لێدانی د بریتییە لەو پەستانەی دەخرێتە سەر خوێنبەرەکان لەکاتی پاڵ پێوەنانی خوێن.

ڕێژەی لێدانی دڵی ئاسایی لە کەسێکی پێگەیشتوودا Adult بریتیە لە نێوانی ٦٠ بۆ ١٠٠ لێدان لە دەقەیەك دا . پێوانی لێدانی دڵ تەنها پێوانی ژمارەی لێدانەکان نییە بەڵکو ریتمی لێدانەکان و بەهێزیەکەشی پێوانە دەکرێت ، مەبەست لە ریتمی لێدانی د بریتییە لەڕێکی و ناڕێکی لێدانەکان.

ئەگەر لێدانی دڵ لە ١٠٠ زیاتر بوو لە دەقەیەک پێی ئەڵێن Tachycardia , بەڵام ئەگەر لێدانی دڵ لە ٦٠ لێدان کەمتر بوو لە دەقەیەک ئەوا پێی ئەڵێن Bradycardia ، و بە Beat/min ئەپێورێ.

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

لێدانی دڵ / Heart rate (Pulse)

ئەو حاڵەت و هۆکارانەی کە لێدانی د زیاددەکەن بریتین لەمانە :-

(ئازار ، وەرزشکردن و ئەنجامدانی چالاکی ، زۆر خواردنی قاوە و چا ، قەلەقی ، غوددە ....)

لە لایەکی دیکەوە ئەو حاڵەت و هۆکارانەی کە لێدانی دڵ کەم دەکەنەوە بریتین لەمانە :-

(پشوودانی زۆر ، بەرۆژووبوون ، هەندێک جۆری دەرمان و حەبی ، نەخۆشی...)



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

لێدانی دڵ / Heart rate (Pulse)

ئەو شوێنانەی لێدانی دڵی لێ ئەپێورێ :-

١- لا تەنیشتی سەر Temporal

٢-شادەماری مل Carotid

٣-لوتکەی دڵ Apical

٤-بەشی پێشەوەی ئانیشکBrachia l

٥-دەست Radial باوترین و ئاسانترین و بەردەسترین ڕێگەیە..

٦-بن ڕانFemoral

٧-بەشی دواوەی ئەژنۆPopliteal


٨-بەشی دواوەی سەر ئێسکی قامیشەی قاجtibial Posterior

٩-بەشی سەرەوەی پێ.pedis Dorsalis

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

لێدانی دڵ / Heart rate (Pulse)

تێبینی / بۆ ماوەی خولەکێک دەست دا ئەنێیە سەر دەمارەکە و لێدنکە. هەژمار ئەکەی ، یانیش ۳۰ سانیە دواتر جارانی ۲ بکە ، یانیش ١٥ سانیە دواتر جارانی ٤ بکە ، ئەمە کاتێک ئەگەر لێدانی دڵ ڕێک بوو.



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

Respiration / هەناسەدان

ڕێژەی هەناسەدان بریتییە لە ژمارەی هەناسەدانەکان لە یەک دەقەدا ، ئەم پێوان کاریە وا باشترە کە لەکاتی پشوودا وەربگیرێت ، یان هەناسەدان بریتییە لە کرداری وەرگرتن و هەڵمژینی ئۆکسجین و کردنە دەرەوەی دوانۆکسیدی کاربۆن.

- بە breath/min ئەپێورێ.

ڕێژەی ئاسایی هەناسەدان بە پێی تەمەنەکان	
Newborns	44 respirations per minute
Infants	20-40 respirations per minute
Children (1-7 years)	18-30 respirations per minute
Adults	12-20 respirations per minute

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs


هەناسەدان / Respiration

ئەم هۆکارانە ئەبنە هۆی زیادبوونی ژمارەی هەناسەدان:

(نەخۆشی ، بەتایبەت لە سیستمی سوڕان و سییەکان ، ئازار و تا ، خوێن بەربوون ، وەرزشە جیاوازەکان ، قەلەقی)

ئەم هۆکارانە ئەبنە هۆی کەمبوونی ژمارەی هەناسەدان:

(خەوتن و پشوودان ، پەککەوتنی گورچیلەکان ،خواردنەوە کحولیەکان ، دەرمان وەک مۆرفین ....)



نیشانه زیندەییەکان / Vital Signs

پەستانی خوێن / Blood pressure

پەستانی خوێن بریتییە لە هێزی پاڵنانی خوێن لەسەر دیواری خوێنبەرەکان لەماوەی گرژبوون و خاوبوونەوەی دڵ.

لەگە هەر لێدانێکدا کە د لێیدەدات ئەوا پەمپی خوێن دەکات بۆ خوێنبەرەکان ، خوێنبەرەکانیش دەیگوازنەوە بۆ لەش.



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پەستانی خوێن / Blood pressure


لە ماوەی پێوانی پەستانی خوێندا دوو ژمارەمان هەیە :-

Systolic

بریتییە لە پەستانی دڵ لە سەر خوێنبەرەکان artery کاتێک خوێن لە دڵەوە پاڵ دەنرێت بەرەو بەشەکانی لەش.

Dystolic

بریتییە پەستانی ناو خوێنبەرەکان کاتێک دڵ خاودەبێتەوە و پشوو دەدات.



- پەستانی خوێن بە ملليمتر جیوە ئەپێورێ mmHg

- ئەو جیهازەی پەستانی خوێنی پێ ئەپێوین پێی ئەڵێن Sphygmomonometer

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پەستانی خوێن / Blood pressure

- بەرزی پەستانی خوێن پێی ئەڵێن Hypertension ، کە ئەمەش مەترسی زۆر دروست ئەکا وەک جەڵتەی دڵ و لە کار کەوتنی ماسولکەکانی دڵ Heart failure.

- هۆکاری بەرزی پەستانی خوێن Hypertension :-

(زیادبوونی تەمەن ، قەڵەوی ، وەرزش نە کردن ، نەخۆشی ، دەرمان...)

- هۆکاری نزمی پەستانی خوێن Hypotension :-

(خوێنبەربوون ، سووتان ، سکچوون و ڕشانەوە ، دەرمان .....) بە شێوەیەکی گشتی کاتێک شلەی لەش کەم ئەبێ ئەبێتە هۆی نزمی زەخت.

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پەستانی خوێن / Blood pressure

قۆناغەکانی پەستانی خوێن..

*پەستانی خوێن لە 90/60 mmHg کەمتر بوو ئەوا کەسەکە زەختی دابەزیوە (Hypotension)

*پەستانی خوێن 120/80 ، ئەوا ئاساییە (Normal)

*پەستانی خوێن لە 120/80 زیاتر بوو هەتا 140/90 ئەوا قۆناغی پێش بەرزبوونەوەی زەختە ، (Prehypertension)واتە ئەم قۆناغە تەنها بە کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و خواردن چارەسەر دەبێت.

*پەستانی خوێن لە 140/90 زیاتر بوو هەتا 160/100 ئەوا قۆناغی یەکەمی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنە.(Hypertension of Stage1)


*پەستانی خوێن لە 160/100 وە بەرزتر ، ئەمە قۆناغی دووەمی بەرزی پەستانی خوێنە (Stage2 of Hypertension).

*پەستانی خوێن زیاتر لە 180/110 ئەم قوناخە مەترسیدارە پێویستە بەزوترین کات کەسەکە ببردرێت بۆ نەخۆشخانە ئەم حاڵەتە پێی دەڵێن crisis hypertensive



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پەستانی خوێن / Blood pressure



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پلەی گەرمی / Tempreture

پلەی گەرمی لەش بریتییە لە هاوسەنگی نێوان بەرهەمهێنانی پلەی گەرمی لە شانەکان و وە لەدەسێتدانی گەرمی لە ژینگەی دەوروبەر بەشی Hypothalamus لە مێشکدا بەرپرسە لە کۆنتکۆڵکردنی پلەی گەرمی لەش ، پلەی گەرمی لەش دەگۆڕێت و جیاوازە بەپشت بەستن بە چەند خاڵێک وەک :
ڕەگەز ، جوڵە و چاڵاکی ، خواردن و خواردنەوە
، ئافرەتان لەماوەی سووڕی مانگانە ، نەخۆشی ، دەرمان ، تەمەن....

- ڕێژەی ئاسایی پلەی گەرمی لەش دادەنرێت بە نێوانی ٦،٣٦ بۆ ٣٧,٢ پلەی سیلیزی.



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پلەی گەرمی / Tempreture

ڕێگاکانی پێوانی پلەی گەرمی :-

لەڕێگەی دەم : Orally باوترین ڕێگایە، دەتوانرێت پلەی گەرمی وەربگیرێت لە ڕێگەی دەم بە دانیێانی گەرمی پێوەکە لەنێیاو دەم مێاوەی ٣ بۆ ٥ دەقیقە.



-لەڕێگەی کۆم : Rectally لەم ڕێگایەوە دەتوانین پلەی گەرمی وەربگرین بەڵام ئەنجامەکەی ٠,٥ پلە بەرزتر دەبێت بەراورد بەو ئەنجامەی کە لەڕێگەی دەمەوە وەریدەگرین ، واتە ئەنجامەکە ٠,٥ ی لێدەردەکەین. ، بۆ نمونە ئەنجامەکە ٣٧ دەربچێت ٠,٥ لێدەردەکەین ئەنجامەکەی دەکاتە ٣٦,٥



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پلەی گەرمی / Tempreture

ڕێگاکانی پێوانی پلەی گەرمی :-

-ژێرباڵ : Axillary چۆنیەتی وەرگرتنی پلەی گەرمی بەم ڕێگایە بە دانانی ئامێری گەرمی پێوەکە دەبێت لە ژێر باڵ ، وە ئەنجامی ئەم ڕێگەیەیان ٠,٥ پلە نزمتر دەبێت بەراورد بە وەرگرتنی پلەی گەرمی لەڕێگەی دەم. واتە دهبێت ئەن امەکە کۆی ٠,٥ پلە بکەین بۆ نمونە : ئەگەر ئەن امەکە ٣٧ پلە دەربچێت دەبێت کۆی ٠,٥ پلەی بکەیت واتە ئەنجامەکە دهکاتە ٣٧,٥ پلە



-گوێ : By Ear یان membrane Tympanic

ئەم شێوازە لەڕێگەی دانانی

ئامێری تایبەتمەند لەناو گوێ پلەی گەرمی وەردەگیرێت.



نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs

پلەی گەرمی / Tempreture

ڕێگاکانی پێوانی پلەی گەرمی :-

هەروەها لە ڕێگەی پێست Skin وە دەتوانرێت پلەی گەرمێی وەربگیرێت.

ئەو ئامێرەی کە پلەی گەرمی لێوە وەردەگرین ناودەبرێت بە ، Thermometer (گەرمی پێو)



تێبینی / ئەم ئامێرە لە کاتی کۆڕۆنا زۆر بەکار ئەهات ، تەنها پلەی گەرمی دیار ئەکرد !


- کە لە ٣٥ پلە نزمتر بوو بە نزم بوونی پلەی گەرمی دائەنرێت Hypothermia.

- کە لە ٣٨ پلە بەرزتر بوو بە بەرز بوونی پلەی گەرمی دائەنرێت Hyperthemia.

نیشانە زیندەییەکان / Vital Signs


ڕێژەی ئۆکسجینی ناو خوێن / Oxygen saturation

ئەم ژمارەیە دەریدەخای کە چەندێک ئۆکسجین هەیە لەخوێندا ، ڕێژەی ئاسایی 95 یان بەرزتر ، بەڵام کاتێک ڕێژەکە 90 یان کەمتر بوو ئەوا دەرخەری ئەوەیە کە لەش ئۆکسجینی پێویستی پێ ناگات و پێویستی بە ئۆکسجینە ، وە لێرەدا بەڕێژەی سەدی % پێوانە دەکرێت.



چاودێری کردنی نەخۆش

کاتێک نەخۆشەکە داخلی خەستە ئەکرێ ئەبێ
پەرستار ئاگای لێبێ و ئاگا لێ بوونەکەی چۆنە ، کە
نەخۆش داخل کرا لە ڕێگەی ئامێرێکەوە دایم ئاگامان
لێیە ئەو ئامێرەش مۆنیتەرە / Moniter
هەر ماوە ماوە پەرستار لێدانی دڵی و هەناسەدان و
پلەی گەرمی و زەختی نەخۆشەکە ئەپشکنێ.



چاودێری کردنی نەخۆش

ئەم نووسراوانەی لەسەر شاشەکە چین

١-لێدانی دڵ / Heart rate

لێدانی دڵی کەسێکی پێگەیشتووی تەندروست (٦٠-١٠٠) لێدانە لە یەک دەقەدا.

٢- هەناسەدان / Respiration

ڕێژەی هەناسەدانی کەسێکی پێگەیشتووی تەندروست (١٢-٢٠) هەناسەدانە لە یەک دەقەدا.

٣- پەستانی خوێن / Blood pressure

زەختی کەسێکی تەندروست ١٢٠ لەسەر ٨٠.


٤- پلەی گەرمی / Temperature

پلەی گەرمی لەشی کەسێکی تەندروست (٣٦,٦ - ٣٧,٢).

٥- ڕێژەی ئۆکسجین / Oxygen saturation

ڕێژەی ئاسایی ئۆکسجینی ناو خوێن (٩٠-١٠٠).

چاودێری کردنی نەخۆش



تێبینی / لە شاشە بۆ شاشە ئەگۆڕێ (شوێنی نووسینەکان)

Cannula / کانولا

کانولا چییە : تیوبێکی لاستیکی بچوک ئەبرێتە ناو دەمار بەهۆی دەرزیەکی باریکی تیژ.



- ئێمە بۆچی کانولا دا ئەنێین ؟

١- کەسێک هەر جۆرە فلودێک (موغەزی) وەربگرێ.

٢- کەسێک خوێن وەرگرێ.

٣- کەسێک تووشی سکچوون و ڕشانەوە بووبێ.

٤- بۆ هەندێک دەرزی ئای ڤی IV.

٥- لە کاتی نەشتەرگەری و بەنج.

Cannula / كانولا

- شوێنی كانولا ئەبێ چۆن بێ ؟

١- ئەبێ دەمارێكی جوان و ڕێك هەڵبژێری ، ئەگەر دیاریش نەبێ ئەوا ئەبێ هەستی پێ بكەی لە ڕێی دەستەوە.
٢- ئەو شوێنەی كانولای لێ دا ئەنرێ نابێ لەسەر جومگە بێ (واتا نابێ بچەمێتەوە).
٣- ئەگەر نەخۆشەكە دەماری دیار و ئاشكرا بێ خۆت لە شوێنی دووبارە ب پارێزە واتا تا پێت ئەكرێ خۆت لە شوێنی كانولای دووبارە بپارێزە.

- ئێمە چیمان ئەوێ بۆ دانانی كانولا ؟

١- كانولا
٢- لۆكە
٣- ماددەی پەككەرەوە (تتقیم)
٤- تۆرنیكە

Cannula / کانولا

- ئێستا من پێداویستیەکانم لایە چی بکەم ؟

سەرەتا ئەو ئەو شوێنەی دەرت نیشانت کردووە بۆ دانانی کانولا سەرەوەی شوێنەکە ١٢-٢٠ (سێ چوار پەنجە) سانتیمەتر تۆرنیکەکە ببەستە ، دواتر شوێنەکە بە تعقیم خاوێن کەوە ، ئینجا بە گۆشەی (١٥-٢٥) داخلی ناو دەمارەکە دەکەین ، (شەرت نییە ئیللا بە گۆشەی دیاریکراو بێ چونکە هەندێک دەمار هەیە قوڵە هەندێکیش دیارن) ، دوای ئەوەی کانولات بردە ناو دەمار سەیری ئەکەی بزانە خوێن هاتوتە ناو کانولاکە گەر هاتبێ تەواوە گەر نەهاتبێ کەوایە دروست نەبووە ، دوای ئەوەی زانیت خوێن هاتووتە ناو کانولاکە تۆرنیکەکە بکەوە ، لە کۆتاییدا بە پلاستەر جێگیری بکە.

- لایەنی خراپی کانولا ؟

١- سوور و شین بوون

٢- تووش بوون بە ئلتیهابات

٣- برینی شوێنەکە

٤- ئاسانی شوێنەکە

Cannula / کانولا

قەبارە و بەکار هێنانی کانولاکان



COLOR	GAUGE	Flow Rate	Recommended Use
VIOLET	26	13mL/min	Elderly & Neonates
YELLOW	24	20mL/min	Very Fragile veins, Elderly & Pediatric patient
BLUE	22	36mL/min	Chemotherapy Infusions, elderly and pediatrics.
PINK	20	60mL/min	" Multipurpose IV " For medications & Hydration.
GREEN	18	90ml/min	Blood Transfusion. Large volume Infusion
GREY	16	180mL/min	Trauma, Surgery, Large volume Infusion.
ORANGE	14	240mL/min	Massive trauma

- مۆر
- زەرد
- شین
- پەمەی
- سەوز
- ڕەساسی
- پرتەقالی

تێبینی / خۆی ئێمە لە زانستی پەرستاریدا بۆ هەر حاڵەتێک ڕەنگێکی کانولامان بەردەستە ، بەڵام هەڵبژاردنی کانولا نە بە حەزی ئێمەیە نە بە حاڵەتەکە ، ئەکەوێتە سەر جۆری دەمارەکە (چەند دەمارەکە گەورەتر بێ ئەتوانین کانولای گەورەتر دابنێین).

دەرزی لێدان / Injection

دەرزی لێدان : بریتیە لە پێدانی دەرمان یان ڤاکسین لە ڕێی سرنجەوە بە ڕێگا جیاوازەکان (ناو دەمار ، ماسولکە ، ژێر پێست)

- جۆرە جیاوازەکانی دەرزی لێدان :-

- IV (Intra Venous) / ناو دەمار

- IM (Intra Mascular) / ناو ماسولکە

- ID (Intra Dermal) / ناو پێست

- SC (Subcutaneous) / ژێر پێست

- هەندێک شێوازی تریش هەن بەڵام وەک ئەمانە گرنگ نین.



دەرزی لێدان / Injection

- سەرنجی چەند تێبینییەک بکە پێش لێدانی هەر دەرزیەک :-

- یەکەم جار سەیری بەرواری بەسەرچوونی دەرمانەکە بکە.
- تەئکید لە شێوازی دانانی بکەوە.
- بە گشتی پێش لێدانی دەرزی شوێنەکە خاوێن کەوە.
- لە کاتی دەرزی دانان هەوڵدە قسە لەگەڵ نەخۆش بکەی بۆ ئەوەی لایەنی دەروونی مورتاح بێ.
- ئەگەر زەخت و کێشەی گورچیلە و جگەری هەبێ خۆت بپارێزە لە دەرزی دانان.



دەرزی لێدان / Injection

IV (Intra Venous)

- جۆرێکی دەرزی لێدانە کە ئەبێ سەری دەرزیەکە بچێتە ناو خوێنهێنەر (هەر خوێنهێنەرێک بێ) ، خێراترین ڕێگای پێدانی دەرمانە.

- چۆنیەتی لێدانی دەرزی ئای ڤی :-

١- وەکو کانولایە ، ئەبێ خوێن هێنەرێکی باش و ڕێک و پێک هەڵبژێری ، یان ئەگەر دیار نەبێ ئەبێ هەستی پێ بکەی.
٢- چوار پەنجە لەسەرەوەی خوێن هێنەرەکە تۆرنیکا ببەستە.
٣- شوێنەکە پاک کەوە ، دواتر دەرزیەکە بە گۆشەی ٢٥ داخلی خوێن هێنەرەکە بکە.
٤- سەری سرنجەکە بە هێواشی سەحب بکە بزانە ئەگەر خوێن هاتبێتە ناو سرنجەکە ئەوا تەواوە ، ئینجا دەرمانەکە بکە ناو خوێن هێنەرەکە.

- تێبینی / وا باشترە خۆت لەم جۆرە دەرزی لێدانە ب پارێزی ، کانولایەکی بۆ دابنێ ئینجا لە ڕێی کانولاکە دەرمانی پێ بدە.

دەرزی لێدان / Injection

IM (Intra Mascular)

- یەکێک لە ڕێگاکانی پێدانی دەرمان بە دەرزی ئەمەیە کە پێی ئەڵێین ئای ئێم واتا ناو ماسولکە (سمت ، ماسوولکەی سەرەوەی ئەنیشک) ، ئەمەش ڕێگایەکی کاریگەرە و خێرایە بەڵام وەکی ئای ڤی خێرا نییە.

- چۆنیەتی لێدانی دەرزی ئای ئێم :-

١- ئەبێ نەخۆشەکە پاڵ بخەی (سەر سک).
٢- دەرزیەکە بە گۆشەی ٩٠ واتا ڕاست و ڕاست بخە ناو ماسولکەکە.
٣- ئەگەر نەخۆشەکە زەعیف بو بە دوو پەنجە شوێنی دەرزی لێدانەکە بگرە ، یان ئەگەر نەخۆشەکە قەڵەو بوو ئەبێ پەستان بخەینە سەر شوێنی دەرزی لێدانەکە ئینجا دەرزیەکە دابنێین.
٤- بە پێچەوانەی ئای ڤی کە دەرزیەکەت داخلی ماسولکە کرد کەمێ سەحبی ئەکەی ئەگەر خوێن هات نابێ بە هیچ جۆرێک دەرزیەکە لێبدەی.

دەرزی لێدان / Injection

IM (Intra Mascular)

- تێبینی / زۆربەی جار بۆ لێدانی دەرزی ئای ئێمە ماسولکەی سمت بەکار دێنین ، ئەویش ئەبێ سمتی بکەینە چوار بەش ، ئەو بەشەی ئێمە ئەمانەوێ لای دەرەوە لە سەرەوە.

- ئەی زۆر جار پرسیار ئەکەن ئەڵێن ئەبێ دەرزی IM بە IV دابنێین ؟ یان بە پێچەوانەوە ؟

١- دەرزی ئای ڤی بە ئای ئێم کێشەی نییە.

٢- بەڵام دەرزی ئای ئێم بە ئای ڤی کارەساتە ! ئەگەری مردنیشی هەیە !

لەوانەیە تووشی تەقینی دەمار بێ ، تێکرای ڤایتاڵی بەرز ئەبێتەوە (لێدانی دڵ و هەناسەدان) ، وە حەساسیەشی بەرز ئەبێ.

دەرزی لێدان / Injection

IM (Intra Mascular)

- ئەی ئەگەر کەسێک ئای ئێمی بە ئای ڤی دانا ئێمە چی بکەین ؟؟

ئەمە بە پێی حاڵەتەکە ئەگۆڕێ :-

١- هایدرۆکۆرتیزۆن بە IV بۆ دابنێ و ئەلەرمینیش بە ، IM و ئۆکسجینی بۆ دابنێ.

٢- نۆرمالێک و هایدرۆکۆرتیزۆن و ئەلەرمین و دێکسا و ئۆکسجین ، ئەمانەی بۆ دابنێ.

٣- هایدرۆکۆرتیزۆن و نۆرمالێکی بۆ دابنێ.

حاڵەت تا حاڵەت فەرقی هەیە.

دەرزی لێدان / Injection

SC (Subcutaneous)

- ئەم دەرزیە لە تەبەقەی ژێر پێست ئەدرێ واتا تەبەقەی چەوری ، ئەم ڕێگایە بۆ ئەو دەرمانانەیە کە بە درەنگ هەڵبمژرێن ، وەکو دەرمانی دژە خوێن مەیین.

- ئەم جۆرە دەرزیە لەکوێ ئەدرێ ؟

(پۆل ، شان ، سک یان بەشێکی ڕان)

- چۆن ئەم جۆرە دەرزیانە دابنێم ؟

- یەکێک لەو شوێنانە هەڵبژێرە کە ئاماژەم پێکرد ، زۆربەی جار قۆڵە ، دەرزیەکە بە گۆشەی ٤٥ داخل ئەکەی ، یان ئەگەر دەرزیەکە ئینسۆلین بوو ئەوا ئەبێ بە گۆشەی ٩٠ داخلی کەی (چونکە سەری نیدڵی دەرزی ئینسۆلین بچووکە ناگاتە چەوری).

دەرزی لێدان / Injection

ID (Intra Dermal)

- ئەم ڕێگایە بۆ تێستی حەساسیە بەکار دێ ، واتا بۆ ئەوەی بزانین نەخۆشەکە حەساسیەی بەو جۆرە دەرمانە هەیە یان نا ، بۆ نموونە وەکو سفتریاکزۆن.

- ئەم جۆرە دەرزیە لەکوێ ئەدرێ ؟

سەر دەست (واتا ئەو شوێنەی سەعاتی لێ لەدەست ئەکرێ).


- چۆن ئەم جۆرە تێستانە بکەم ؟

- ئەو شوێنەی ئاماژەم پێ کردووە ، بڕی ٠,٥ مل لەو دەرمانە وەرگرە (سفتریاکزۆن) ، پاشان بە گۆشەی ١٠ - ١٥ لە شوێنەکە بدە ، دوای چارەکێک بیست دەقە سەیری بکە ئەگەر سووربوونەوەیەک ڕوویدابوو ئەوا ئەو کەسە حەساسیەی بەو دەرمانە (سفتریاکزۆن) هەیە.

موغەزی / Fluid

- لەشی ئێمە بەشێوەی ئاسایی لەڕێگەی خواردن و خواردنەوە پێداویستیەکانی وەکو ئاو، خوێ، شەکر و پڕۆتین وە چەوری پێدەگات، (موغەزی) بریتیە لە شلەی تایەت کە ئاو بەشی سەرەکی پێك دەهێنێت وە پاکژ کراوە تاوەکو بەبێ کێشە بکرێتە ناو خوێن لە ڕێگای کانیولا.

- پێش پێدانی موغەزی دەبێت نوسراوی سەر موغەزی بخوێنرێتەوە (ناو، بەرواری بەسەرچوونی ، وە دەبێت سەیری ئاوەکە بکرێت بۆ تێبینی کردنی هەر جۆرە تێکچوونی ڕەنگی موغەزی.



موغەزی / Fluid

- لەکاتی ڕوودانی کارەساتی بەهێز وەکو نەزیفی خوێن، سوتانی زۆر ، بێهۆشبون ، ووشك بونەوە ، دابەزینی پەستانی خوێن ، دابەزینی ڕێژەی شەکری خوێن دەبێت بەزووترین کات بە ڕێگەی کانیۆلا موغەزی بدرێت بە بریندارەکە و ژیانی ڕزگار بکرێت.

- پێدانی خێرایی موغەزی پەیوەستە بە باری ناجێگیری بریندارەکە، بەڵام بەشێوەی گشتی دەکرێت دوو موغەزی (500) ملم (واتە یەك لیتر) لەماوەی یەك کاتژمێر بدرێت.



موغەزی / Fluid

جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنان

١- نۆڕماڵ سەڵاین Normal saline :- پێکدێت لە کلۆریدی سۆدیۆم و ئاو.

بەکارهێنانی :-

١/ بۆ پاک کردنەوەی برین

٢/ سکچوون و رشانەوە

٣/ خوێن بەربوون

٤/ بۆ کەسێک تووشی لە هۆش چوون بوبێت

٥/ بۆ کەسێک رێژەی سۆدیۆم و ئەلیکترۆلایتی لەلەشی کەمبووبێت.

٦/ زۆر جار لەگەڵ پێدانی خوێن بەکاردێت.

تێبینی / ئەوانەی نەخۆشیەکانی وەک دڵ و گورچیلەیان هەیە وا باشترە خۆیان بەدوور بگرن لە وەرگرتنی ئەم فلوودە.

موغەزی / Fluid

جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنان

٢- گلوکۆز وەتەر Glucose water Dextrose (Gw) :

پێکدێت لە شەکرو ئاو.

بەکارهێنانی :-

١/ زیاتر بۆ دابەزینی ئاستی گلوکۆزی بەکاردێ چونکە گلوکۆزی تێدایە.

٢/ لە حاڵەتی بەرزی زەختیش بەکاردێ چونکە هیچ خوێی تێدا نییە.

تێبینی / ئەم جۆرە فلوودە بە هیچ شێوەیەک نابێ بەکار بێ لە شووشتنی برین ، چونکە شەکری تێدایە ناهێڵێت برین زوو چاک بێتەوە.

موغەزی / Fluid

جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنان

٣- گلوکۆز سەڵاین Glucose Salain (G/S) : پێکدێت لە شەکر و خوێی کلۆرێدی سۆدیۆم و ئاو.

بەکارهێنانی :-

١/ بۆ دابەزینی ئاستی گلوکۆزی بەکاردێ چونکە گلوکۆزی تێدایە.

٢/ چونکە ئەمە سۆدیۆمی (خوێ) تێدایە لە حاڵەتی نزمی زەخت بەکار دێ.



موغەزی / Fluid

جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنان

٤- ڕینگەر سۆلیوشن Ringer Solution Ringer Lactate (R/L) :

پێکدێت لە کلۆریدی سۆدیۆم پۆتاسیۆم کالیسیۆم و ئاو.

بەکارهێنانی :-

پەیوەندی هەیە بە پێکهاتەی (سیرەم و پلازمای خوێن)

بۆچی بەکاردێت :

١/ بۆ کەسێک تووشی سوتاوی یان ڕووداوێک بوبێت

٢/ بۆ سکچوون و ڕشانەوە



موغەزی / Fluid

جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنان

٤- ڕینگەر سۆلیوشن Ringer Solution Ringer Lactate (R/L) :
پێکدێت لە کلۆریدی سۆدیۆم پۆتاسیۆم کالیسیۆم و ئاو.

تێبینی / بۆ کەسێک بەکارناهێت کێشەی لە جگەر هەبێت یان ph ی خوێنی زیاتر بێت لە 7.5.

تێبینی / ڕەنگە نۆرماڵ سەلاین و رینکەر پێویست بن بەیەکەوە بدرێن بۆ کەسێک ئەلیکترۆلایتی کەم بوبێت یان لە حاڵەتی نەشتەرگەریدا.

تێبینی/ دوو جۆری ڕینگەر سۆلیوشن هەیە
1- Ringer (Ri)
2- Ringer Lactate (R/L)
جیاوازیان تەنها ئەوەیە (R/L) (Sodium lactate) زیاترە لە پێکهاتەکەیدا.

موغەزی / Fluid

جۆرەکانی موغەزی و بەکارهێنان

تێبینی / زۆرینەی جار لە ڕاچیتەی دکتۆر یان فایلی نەخۆش ناوی موغەزیەکان بەشێوەی کورتکراوە ئەنوسرێت بەم شێوەیە:-

1- Normal Salain = N/S

2- Gucose Salain = G/S

3- Glucose Water = G/W

4- Ringer Lactate = R/L

تێبینی / لەسەر بوتڵی موغەزی زیاتر بەم شێوازە ئەنووسرێت:

1- Normal Salain = Nacl %0.9

2- Glucose water = Dextrose %5


3- Glucose Salain = Nacl %0.9 + Dextrose %5

دوورینەوە / Suturing

- بریتیە لە دوورینەوەی شانەکانی لەش کە بە هۆی بەرکەوتن بە شتێکی تیژ یاخود ڕووداوێک پێستمان تووشی برین دەبێت بۆ چاکبوونەوەی ئەو برینە دەبێت کرداری دوورینەوە ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی پێستکە زووتر چاکبێتەوە و شوێنەکەی کەمتر دیار بمێنێت لەسەر جەستە.

- بۆچی ئێمە دوورینەوە ئەکەین ؟؟

- بۆ ئەوەی برینەکە زوو چاک بێتەوە.
- بۆ ئەوەی برینەکە تووشی ئلتیهابات نەبێ.
- بۆ تێک نەوچوونی شوێنی برینەکە.
- بۆ دیار نەمانی شوێنی برینەکە.




دوورینەوە / Suturing

- جۆری ئەو خێتەی (داو) دوورینەوەی پێ ئەنجام ئەدەین :-

جۆری یەکەم : Absorbable suture
ئەم جۆرە داوە دوای تەواوبوونی دەرناهێنرێت بەلکو خۆی ئەبێتەوە گۆشت.

- جۆری دووەم Non Absorbable suture
ئەم جۆرە دوای تەواوبوونی برینەکە ئەبێ دەربهێنرێ چونکە توانای ئەوەی نییە ببێتەوە گۆشت.



دوورینەوە / Suturing

- جۆری ئەو دەرزیەی دوورینەوەی پێ ئەکەین :-

- نووکی دەرزییەکە خڕە / Round needle
- نووکی سێگۆشەییە / Traiangullar needle
- نووکی تیژە / Cutting needle

- قەبارەی دەرزیەکە :-

0 , 1 , 2 , 0/1 , 0/2 , 0/3 , 0/4 , 0/5 , 0/6 , 0/7

- قەبارەی دەرزیەکە :-

0/6 , 0/7 , 0/8 , 0/9 , 0/10



دوورینەوە / Suturing

- چۆن دەرزی گونجاو بەپێی شوێنەکە هەڵبژێرین :-

تا ژمارەی دەرزیەکە گەورەتر بێ دەرزیەکە بچووکترە.

- بۆ دەموچاو لێو لووت و گوێ 0/5 , 0/6 , 0/7

- بۆ سک وسنگ 0/2 , 0/3

- بۆ سەر وپێ وپشت قاچ و قۆڵ 0/2 , 0/3 , 0/4

- ئەو شوێنانەی ئەستوورن 0 , 0/1

- دوای چەند ڕۆژ دوورینەوەکە ئەکرێتەوە :-

سەر دوایی ٧ بۆ ١٠ ڕۆژ

گوێ و لووت دوایی ٤ بۆ ٥ ڕۆژ

دەمو چاو ٣ بۆ ٥ ڕۆژ

سنگ و سک ٨ بۆ ١٢ ڕۆژ

پشت ١٢ بۆ ١٤ ڕۆژ

قۆڵ ڕان ٨ بۆ ١٠ ڕۆژ

پێ ودەست دوایی ١٤ ڕۆژ

جومگەکان دوایی ١٤ بۆ ٢١ڕۆژ

تێبینی / بە گشتی ژمارەی ڕۆژەکان
لە کەسێک بۆ کەسێک ئەگۆڕێت.

دوورینەوە / Suturing

- جۆرەکانی دوورینەوە :-

یەکەم :

دوورینەوەی سادە ئاسایی واتە تەقەڵ تەقەڵ (کێڵ کێڵە) دەکرێت دوای هەر تەقەڵێک خێتەکە دەبڕین پاشان تەقەڵێکی دیکە دەکەین.

دووەم:

دوورینەوەی بەردەوام واتە هەمو برینەکە بەیەکەوە دەدوورینەوە ئەم جۆرەیان زیاتر بۆ دوورینەوەی خێرا بەکاردێت.

سێیەم :

دوورینەوەی ناوە ناوە واتە ئەگەر برینەکە قوڵ بو
و لە ناوەوە برینەکە دەدوورینەوە پاشان دەرەوەش دەدوورینەوە.

ئەم سێ جۆرە سەرەکین

دوورینەوە / Suturing

- پێداویستییەکانی دوورینەوە :-

ماددەی پاککەرەوە

گۆز

دەستکێش

جێڵ یان دەرزری سرکەر

نۆڕماڵ سەڵاین

سیزەر

نیدڵ هۆڵدەر

فۆرسێپس

خێتی دوورینەوە




دوورینەوە / Suturing


- چۆن دوورینەوە ئەنجام دەم :-

- سەرجەم پێداویستییەکان ئامادە کە.
- دەست شوشتن و دەستکێش لەدەست کردن.
- پاک کردنی برینەکە و ئەگەر خوێن بەربوونی هەبێ ئەوا ئەبێ خوێن بەربوونەکە ڕاگری ئینجا دوورینەوە بکەی.
- بەنجەکە لە شوێنی برینەکە ئەدەی.
- پاشان بە نیدڵ هۆڵدەرەکە (ئەوەی وەکو مەقەس وایە) دەرزییەکە دەگرین بە فۆرسیپەکە (ئەوەی وەکو موکێش وایە) لێواری برینەکە بەرز دەکەینەوە دوورینەوەکە ئەنجام دەدەین.



Suturing / دوورینەوە







پاک کردنەوەی برین / Wound Dressing

- چۆن برین پاک بکەمەوە :-

• بە شێوەیەکی گشتی برینی تەڕ و وشک هەیە برینی وشک زۆر کەم پێویستی بە گۆڕین هەیە ، بەڵام برینی تەڕ بە ڕێنمایی دکتۆر ئەبێ بگۆڕدرێت.

١- دەستت جوان بشۆ.
٢- دەستکێش لە دەست بکە.
٣- پێداویستییەکان ئامادە بکە (گۆز ، پلاستەر ، دیتۆل و ئایۆدین و نۆرمال سەلاین ، مەقەس)
٤- بە وریایی پێچە کۆنەکە بکەوە ئەگەر پێوە نووسابوو ئەوا کەمێک نۆرمالی پێدا بکە بۆ ئاسان لێبوونەوە.
٥- برینەکە جوان پاک بکەوە گەر ئلتیهابی کردبوو بە نەرمی پەستان بخە سەر تەنیشتەکانی تا بە تەواوی پاک بێتەوە بە نۆرمال و گۆز بەڵام نابێ برینەکە خوێنی زۆری لێبێ.

پاک کردنەوەی برین / Wound Dressing

- چۆن برین پاک بکەمەوە :-

٦- ئەگەر دەردراوەکە ڕەش بوو یان دەوری سوور بوو ئلتیهابی زۆری لێبێ و هەڵاوسابێ و بۆنی نەخۆشی لێبێ یان بەردەوام خوێنی لێبێ ئەبێ دکتۆر ببینێ.

٧- بە نۆرمال یان دیتۆل و گۆز باش برینەکە خاوێن کەوە.

٨- دەستکێش و شتە بەکارهاتووەکان بکە تەنەکەی خۆڵ.

٩- دواتر دەستکێشی نوێ لەبەر کە ، و چەند گۆزێکی نوێ و خاوێن ئامادە بکە ، گۆزی یەکەم شێدار کەوە بە دیتۆل یان ئایۆدین و بخە سەر برینەکە ، دواتر گۆزەکانی تر بخە سەر برینەکە ، ئینجا بە پلاستەر گۆزەکان توند کە.



پاک کردنەوەی برین / Wound Dressing

پرسیار / بۆچی نابێت Glucose water و ئەو فلودانە بەکار بێن لە پاک کردنەوەی برین ؟؟

وەڵامر / ئەو فلوودانەی شەکریان تێدایە نابێ بەکار بێن بۆ پاک کردنەوەی برین ، چونکە شەکر ناهێڵێ برین زوو چاک بێتەوە (چونکە شەکر بەکتریا و میکرۆب ناکوژێ و ئەگەری هەوکردن زیاد ئەکا) ، هەر لەبەر ئەوەشە ئەوانەی تووشبووی شەکرەن درەنگ برینەکەیان چاک ئەبێتەوە.



سۆندەی گەدە / Nasogastric Tube

- بریتیە لە بردنە ناوەوەی تیوبێکی پلاستیکی بۆ ناو گەدە لە ڕێی لووتەوە.


- دوو جۆری NG تیوبمان هەیە :-

• Gavage

- بۆ پێدانی خواردن بەکار دێ.

• Lavage

- بۆ شووشتنی گەدە بەکار دێ.



سۆندەی گەدە / Nasogastric Tube

- بۆچی ئێمە NG تیوب دا ئەنێین :-

١- بۆ پێدانی خواردن.

٢- بۆ پێدانی دەرمان.

٣- بۆ پێدانی ماددەی تایبەتمەند بە تیشکی ئێکس.

٤- بۆ خاوێن کردنەوەی گەدە لە ماددەی ژەهراوی.

٥- بۆ کۆکردنەوەی ترشی گەدە بۆ هەندێک حاڵەت.

- بۆکێ ئەگەر نایەت :-

- هەر برینێکی لووت و ئلتیهاباتێکی لووت.

- شکانی لووت.

- برینی سورێنچک (بۆڕی خۆراک).

سۆندەی گەدە / Nasogastric Tube

- چۆن نەخۆشەکە ئامادە ئەکەی بۆ NG تیوب :-


١- باس کردنی پڕۆسیجەرەکە.

٢- ئەبێ نەخۆشەکە لە باری نیمچە درێژبوویی بێ Fowler's position.

٣- لە دەست کردنی دەستکێش.

٤- جێل لە تیوبەکە بدە.

٥- گڵاسێکی ئاو بدە بە نەخۆشەکە.



سۆندەی گەدە / Nasogastric Tube

- ئێمەی پەرستار چۆن NG تیوب دابنێین :-

یەکەم جار خۆت بە نەخۆشەکە دەناسێنی ، پێی دەلێی کە ئەم تیوبەی بۆ دادەنێی ، بۆی ڕوون دەکەیە بۆ چ مەبەستێک بۆی دادەنیێ ، دەبێت نەخۆشەکە لەسەر جێگا بە گۆشەی 45 یاخو 90 پلە بێت بۆ ئەم کردەیە ، وە کاتێک بۆ نەخۆش دای دەنێیت کاتێک ئەم تیوبە داخلی ناو لووتی نەخۆشەکە دەکەی کاتێک پالت نا بە تیوبەکە وە لەگەل تیوبەکە دەبێت بە نەخۆشەکە بلێیت کە تفەکەی قوت بدات ، یاخود لەرێی دەمەوە ئاوی پێ دەدەی بۆ ئەوەی ڕێڕەوی هەناسەی بگیرێت ڕێڕەوی گەدەی بکرێتەوە بۆ ئەوەی تیوبەکە بچێتە ناو گەدەوە.

سۆندەی گەدە / Nasogastric Tube

- چۆن دڵنیا ببنەوە کە تیوبەکە تەواو ڕۆشتووە :-

١- بە نەخۆشەکە بڵێ قسە بکە و بکۆکە بۆ ئەوەی بزانین نەچووتە بۆڕی هەوا و سییەکان.
٢- بزانە قیاسەکەی تەواوە وەک ئەوەیە کە پێشتر تێبینیت کردبوو.
٣- هەندێک ترشی گەدە ڕاکێشە و بزانە ph چەندە ئەبێ لە خوار شەش بێ.
٤- سەری سۆندەکە کە لە دەرەوەیە لەناو پەرداخێکی ئاو یان جامێکی ئاوی دادەنێیت ئەگەر ئاوەکە بڵقی کرد ئەوا لە سییەکاندایە وئەگەر بڵقی نەکرد ئەوا لە گەدەدایە.
٥- بەڕێکردنی بڕێکی هەوا کە لە هەندێ سەرچاوە دەوترێت 30ml بێت وهەنێ کەمتر وبە سەماعە (stethoscope) گوێ لە دەنگەکە دەگری هەر بۆیە بەم جۆرە تاقیکردنەوەش ئەوترێت (whoosh test).
٦- ئەشیعە X-Ray.

سۆندەی گەدە / Nasogastric Tube

- لایەنی خراپی چیە؟؟

-ئیلتیهابی بۆری خۆراک

-هەوکردنی بۆری هەوا

-برینداربونی لووت

- ئەمەش پێداویستییەکان :-



سۆندەی سنگ / Chest Tube

- تیوبێکی پلاستیکیە بەکار ئەهێنرێت بۆ لابردنی شلە و هەوای ناو بۆشایی سنگ و دیواری سنگ (پلورە).

- شوێنی دانانی سۆندەی سنگ :-

- نێوان پەراسووی پێنجەم و شەشەم.

- بۆکێ بەکاردێ :-

١- Pneumothorax

کەسێک کە هەوا لە سنگی کۆبێتەوە.

٢- Hemothorax

کەسێک کە خوێن لە سنگی کۆبێتەوە.

٣- Pleural effusion

زێدە کۆبوونەوەی شلەی پلورە.

سۆندەی سنگ / Chest Tube

- سۆندەی سنگ بەپێی شێوە و قەبارەیان جیاوازن ، پشتیان پێدەبەسترێت لەسەر کام جۆرەو قەبارەیە پیویستن بۆ نەخۆش.

سۆندەی سنگ دەگەیەنرێت بە سیستەمێکی دەرچوونەوە کە شلە کۆدەکاتەوە و ڕێگە بەدەرچوونی هەوا دەدات لەبۆشایی سنگدا. ئەم سیستەمانە ڕێگەیان پیدەدرێت بۆئەوەی بەسستی کرداری ئاوەرۆ ئەنجامبدەن واتا دەرچوونی شلەو هەوا یاخود سەکشنیان هەیە دانراوە بۆ سیستەمەکە.

Chest Tube Sizes (Fr)	
Newborn	8-12
Infants	10-16
1-5 yr	16-20
5-10 yr	20-28
>10yr	28-42

سۆندەی سنگ / Chest Tube

- چۆنیەتی دانانی سۆندەی سنگ :-

١- بە تەواوی کردارەکەی بۆ ڕوون ئەکەیە ، و ڕەزامەندی لە نەخۆش وەردەگری.
٢- پێدانی دەرمانی ئازار شکێن بە نەخۆش.
٣- بەنجی ناوخۆیی لە شوێنی دانانی سۆندەکە.
٤- ناوچەکە تعقیم بکە ، با تەنیا شوێنی دانانی سۆندەکە بە دیار بکەوێ ، کە کاریگەری بەنج دیار بوو شوێنەکە ببڕە.
٥- بە درێژایی دانانی سۆندەکە ئەمانە بکە :-
(چاودێری دۆخی نەخۆشەکە بکە ، چاودێری ڤایتاڵ ساینسی نەخۆش بکە)
٦- ئۆکسجین بە نەخۆش بدە.
٧- ناوچە براوەکەی دانانی سۆندەکە بدوورەوە دوای دوورینەوە ناوچەکە داپۆشە بە گۆزی تعقیم بۆ چاودێریکردنی ناوچەکە لە هەر هەوکردنیک یاخود دەرچوونێک.
٨- دوای داناى سۆندەکە تیشکی ئیکس ڕەی (ئەشیعە) ئەنجامدەدرێت بۆ نیشاندانی شوێنی سۆندەکەو هەڵسەنگاندنی ڕێژەی دەرچوونی شلە و هەوا و جوڵەی شلەو هەوا کە.

سۆندەی سنگ / Chest Tube

- مەترسیەکانی دانانی سۆندەی سنگ :-


١- ئازار

٢- هەوکردن

٣- خوێن بەربوون

